# بەشێك لە هەلسورانی سەوسەن سەلیم لێپرسراوی کەمپینی نێونەتەوەیی
# بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتنی ناموسی لەبەریتانیا

*لەمانگی رابوردودا رۆژناوەمەی ( Yorkshire Post) چاوپێکەوتنێکی 20 دەقەی لەگەل سەوسەن سەلیم لێپرسراوی کەمپینی دژی کوشتنی ناموسی سازدان(ئەمە بەو موناسەبەیەوە بو کە باوکێك 14 سال حوکم درا دوای ئەوەی ئیسپات بوو کچەکەی خۆی کوشتوە لەبەریتانیا) شایانی باسە سەرەتایی پرسیار لەسەر وەزعی ژنان لە کوردستان ودیاردەی کوشتنی ناموسی هۆکارەکانی بوو کە سەوسەن بە درێژی باسی لەسەر دەسەلات یاسایەك کەلەکوردستان بەرێوەدەچێت وە کاریگەری دینی ئیسلام وفەرهەنگی قەومی کرد لەسەریاساو تێروانینێك کەلەسەر ژنان هەیە، بەشی دوەمی پرسیارەکان لەسەر کاریگەری دیاردەی کوشتنی ناموسی لەسەر ژنانی پەنابەرانیکورد لەبەریتانیاو ئەوروپا ئەوهۆکارانەی دەبنەوە هۆی روودانی ئەم دیاردە دژی بەشەرییە بوو سەوسەن بە درێژی باسی لەسەر سیاسەتی فرە کلتوری ئەوروپا و بەریتانیا کردوو، وە هاندانی کۆمینیوتیە جۆراوجۆرەکان بۆ پراکتیزەکردنی کلتوری دواکەوتوانە لە ژێر ناوی رێزگرتن لە کاتوری کۆمیونیەتیەکانی تر، دواتر پرسیاری ئەوەی کەچیبکرێت کە ئەم دیاردەیە کۆتایی بیت سەوسەن ووتی دەبی سیاسەتی فرەکلتوری هەلبوەشیتەوە وە دەبی مافی یەکسانی هاولاتی بوون بەرەسمیەت بناسریٌ هیچ جۆرە تبریرو بیانویەك نەکرێتە پاساو بۆ دووبارەبونەوەی ئەم دیاردانە.

- هەرلەمانگی رابوردودا لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرنامەی ناردنەوەی دلخوازانەی خەلکی عیراق بۆ عیراق (Iraqi voluntary returns Programmers)، کە وەزارەتی ناوخۆ(Home office) بەنیازە زۆر بەجدی کاری لەسەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنیان لەگەل چەند نوێنەری چەند ریکخراوەی کوردی وعەرەبی سازدا، سەوسەن یەکێك بو لەو چەند کەسە، شایانی باسە هەدەف لەم چاوپێکەوتنانە بۆ مەبەستی هاوکاری بوو بۆ تشویق کردنی خەلکی عیراق بۆ گەرانەوە بەلام سەوسەن سەلیم تەواوی چاوپێکەوتنەکەی بردە باریك ترو رەخنەی توندی لەم سیاسە گرت وە خەتەری ناردنەوەی خەلك وەخۆی وەك شاهێدیك کە لەعیراق لە نزیکەوە وەزعی خەلك وژنان و مندالانی دیوە بەدەر لەوەی کەتەواوی ئینسانەکان لەهەموو مافێکی ئینسانی خۆیان بێبەشن هاوکات لەسەر کاریگەری وجودی ئەمەریکاو داگیرکردن لەلایەك وە کاری تیرۆرستانەی ئیسلامیەکان نەبوونی هیچ جۆرە ئەمنیەتێك لەعیراقدا قسەی کرد دواتر وە ووتی خەلکانێك کە بەدەلیلی کیشەی سیاسی نەبوونی ئەمنیەت عیراقیان بەجیهیشتوە ئیستاش ئەو وەزعە هەر باقییەو بگرە خراپترە زەمانەتی گەرانەوەی خەلك بەستراوە بەوەزعی عیراقەوە رێگا حەلیش هەرئەوەیە ئەمریکاو بەریتانیا دەست بەجی هیزی خۆیان بکشیننەوە وە رێگەبەن بەخەلکی عیراق دەسەلات نوێنەرانی خۆیان هەلبژیرن، ئەوکاتە بۆ خەلکی پەنابەری عیراقیش ئینتخابی مانەوە یان گەرانەوە ئاسان تردەبی.
- 2005-1-12